٤- لەبەرکردن : پێداچوونەوە بکە بۆ زنجیرەی ئایەتەکانی لەبەرکردن (کەرەستەکانی خودا ١- ٥).
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما 13: 1- ١٤. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنە و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

وانەی (٤٢)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) یەرمیا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (یەرمیا 32، 33 ، 36 ، 37) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی

لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) پێداچوونەوە بکە بۆ ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەت بە کەرەستەکانی خودا

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، بۆ ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەت بە کەرەستەکانی خودا.

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما 13: ١- 14

پێشەکی : بەشەکانی ١٢- ١٦ لە نامەی ڕۆما جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیڕەوکردنی ژیان ، باس لە پیرۆزیی کردەیی یان پیرۆزکردن دەکات . پۆڵسی نێردراو فێرمان دەکات لە ڕۆما ١٢ کە باوەڕدار بەرپرسیارە لە جەستەیی وبیروهۆشی جۆرەها لە پەیوەندیەکانی . وە ڕۆما ١٣ فێرمان دەکات کە باوەڕدار بەرپرسیارە لە بەرامبەر دەسەڵات و حکومەت و نزیکەکەی و جیهانی تاریکی و ڕوناکی .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ١٣: ١- ١٤ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟

بنوسە . یەك یان دوو ڕستی ئاشكرا بكە كە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبكەوە و بیرۆكەكانت بنوسە لە پەڕاوەكەتدا .
بەشداری بكە. (دوای ئەوەی ئەندامان كاتێك بەسەردەبەن لە بیركردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆكەكانتان بەشداری پێبكەن).
هەریەكێكمان بەشداری دەكەین لەو شتانەی كە ئاشكرا كران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر كۆمەڵەیەكی بچوكدا ، ئەندامانی كۆمەڵەكە بە شێوەیەكی جیاواز بەشداری دەكەن).

ڕۆما ١٣: ١- ٧

ئاشكراكردنی ١: بەرپرسیارێتی و ئەركی باوەڕدار بەرامبەر بە دەسەڵاتی حوكمڕان .

أ. دەسەڵاتی مەدەنی .

كتێبی پیرۆز فێركردن لەخۆدەگرێ لەبارەی حكومەتەكانی جیهان ، وە پۆڵسی نێردراو لێرەدا باس لە دەسەڵاتی مەدەنی دەكات وەك لە وشەكەیدا دەردەكەوێت "شمشێری هەڵگرتن" و" باج دان" ئەم فێركردنە زۆر گرنگە چونكە هەموو باوەڕداران لە جیهاندا دەژین لەژێر سایەی دەسەڵاتە حوكمڕانەكان كە دیاریكراون ، ئەم بابەتە گرنگیەكی تایبەتی هەیە لەنامەی ڕۆمادا ، چونكە ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی كڵێسا لە ڕۆما لەو باوەڕدارانەوە بوون كە بەڕەچەڵەك جولەكە بوون ، وە زۆربەی جولەكە لە سەردەمی پۆڵسدا بە دوای دەرفەتێكدا دەگەڕان ڕاپەڕن و چیتر ملكەچی ڕۆما نەبن . زۆر بە پەرۆش بوون جارێكی تر سەربەخۆ بن . دەیانویست پاشایەكی تایبەت بە خۆیان هەبێت و دەسەڵاتی حوكمڕانی تایبەت بە خۆیان هەبێت (یۆحەنا ٦: ١٥ ؛ ٨: ٣٣ ؛ كردار ١: ٦ ؛ ٥: ٣٦- ٣٧ ؛ بڕوانە كردار ١٨: ٢ .

ب. حەوت دەسەڵاتە حوکمڕانەکان .

خودا حەوت پەیوەندی دەسەڵاتی ڕیزبەند کردوە – ملکەچ کردوە لە زەوی (ڕۆما ١٣: ١- ٢ : (١) خودا لە مەسیحدا دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو مرۆڤەکان وشتەکاندا (١کۆرنسۆس ١١: ٣ ؛ ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٣ ؛ کۆلۆسی ١: ١٨ .

(٢) مرۆڤ دەسەڵاتدارە بەسەر بەدیهێنراوەکانی خودا : بەسەر زەوی و درەخت و ڕوەك و ئاژەڵەکاندا (پەیدابوون ١: ٢٨ ؛ ٢: ١٥- ١٦ ؛ زەبور ٨: ٤- ٨ .

(٣) پیاو دەسەڵاتی هەیە بەسەر ژندا لە پەیوەندی هاوسەرگیریدا (پەیدابوون ٣: ١٦ ؛ ئەفەسۆس ٥: ٢٢- ٢٤ ؛ کۆلۆسی ٣: ١٨ ؛ ١پەترۆس ٣: ١- ٦) ، وە لە کۆبونەوە فەرمیەکانی تایبەت بە کڵێسا (١کۆرنسۆس ١١: ٣ ؛ ١٤: ٣٣- ٣٥ ؛ ١تیمۆساوس ٢: ١١- ١٤ ؛ ٣: ٢- ٥) .

(٤) دایکوباوك دەسەڵاتیان هەیە بەسەر منداڵەکانیاندا ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لەژێر تەمەنی یاساییە (ئەفەسۆس ٦: ١- ٣ ؛ کۆلۆسی ٣: ٢٠) .

(٥) حکومەتی وڵات دەسەڵاتی هەیە بەسەر هاوڵاتیەکانیدا (ڕۆما ١٣: ٣- ٧ ؛ ١پەترۆس ٢: ١٣- ١٧) .

(٦) خاوەن کار دەسەڵاتی هەیە بەسەر کرێکارو کارمەندەکانیدا (ئەفەسۆس ٦: ٥- ٩ ؛ کۆلۆسی ٣: ٢٢ – ٤: ١؛ ١پەترۆس ٢: ١٨- ٢٣).

(٧) پیرانی کڵێسا دەسەڵاتیان هەیە بەسەر ئەندامانی کڵێسا (کردار ٢٠: ٢٨ ؛ ١سالۆنیکی ٥: ١٢ ؛ عیبرانیەکان ١٣: ١٧) .

خودا ئەم حەوت پەیوەندیە دەسەڵاتانەی ڕیز بەند کردوە ، نابێت مرۆڤ بیگۆڕێ ، هەموو دەسەڵاتەکان ملکەچن جگە لە دەسەڵاتی یەکەم ، وە هەمویان ئەرکی دیاریکراویان هەیە بەڵام سنوردار ، هەروەها دەسەڵاتەکانیش سنوردارن .

ڕۆما ١٣: ٨- ١٤

ئاشکراکردنی ٢: ئەرکی باوەڕدار بەرامبەر بە نزیکەکەی .

نامەی ڕۆما ١٣: ٨- ١٤ فێرمان دەکات لەبارەی پیرۆزیی کردەیی یان پیرۆزبوون ، بەشێوەیەکی سەرەکی پێناسەی ژیانی خۆشەویستی و ژیانی ڕوناکی دەکات . بڕوانە ئەفەسۆس ٥: ١- ٢ .

هەروەها ئەفەسۆس ٥: ٨- ١٤ .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما 13: ١- 14 تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 13: 1- 5

<u>پرسیاری ١ : ئەرکی باوەڕدار چی یە بەرامبەر بە دەسەڵاتی حوکمران ؟</u>

تێبینیەکان .

أ. ملکەچ بوون بۆ دەسەڵاتی حوکمڕان بەشێکە لە کردەی پیرۆزبوون.

ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی حوکمڕان بەشێکە لە "خواستی چاکی خودا بە تەواوەتی" ئەوەی ڕۆما ١٢: ٢ فێرمان دەکات لەبارەیەوە .

هەروەها بڕوانە مەتا ٢٢: ١٦- ١٧ ؛ مەرقۆس ١٢: ١٤ ؛ لۆقا ٢٠: ٢١- ٢٢ ؛ یۆحەنا ٨: ٣٣ ؛ کردار ٥: ٣٦ – ٣٧ ؛ کردار ١٨: ٢ . لەلای جولەکەکان یاخی بوون و وروژاندنی دوبەرەکی و دڵەڕاوکێ و شۆڕش هەبوو ئەو کات هەروەها بەڵگەی دیکەی نوسراوی مێژووی هەبوو سەبارەت بەوەی جولەکەکان زۆربێزار بوون لەوەی لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمەکان بوون .

لەژێر ئەم ڕۆشناییەوە دەبێت باوەڕداران باوەڕیان بە دەسەڵات و پەروەردگاریی عیسای مەسیح هەبێت وە بەپێی نامەی ڕۆماو فێرکردنەکانی نابێت بەهەڵە و لادان بڕوانینە ئازادی لەنێو باوەڕداراندا . وە پۆڵس لە فێرکردنەکەیدا و لەژێر ڕوناکی ئەو ڕاستیە سیاسیانەدا فێرمان دەکات کە پەیوەندی باوەڕدار بە دەسەڵاتی حوکمڕانەوە بەشیکە لە پیرۆزبوون لەژیانیدا !

ب. ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی حوکمڕان بەبێ ئەوەی هەندێ شت ڕەچاو بکرێ .

پەیمانی نوێ فێرمان دەکات لەبارەی ئەرکی باوەڕدار بەرامبەر بە دەسەڵاتی حوکمڕان ، ١تیمۆساوس ٢: ١ فێرمان دەکات کە نوێژ بکەین لە پێناوی هەموو ئەوانەی لە دەسەڵاتدان . وە نامەی تیتۆس ٣: ١ فەرمان دەکات کە باوەڕداران دەبێت ملکەچی دەسەڵات بن وە بەئاشتی بژین بێ ئەوەی وتەی خراپ بەکەس بڵێن . هەروەها بڕوانە کردار ٤: ١٩- ٢٠ ؛ ٥: ٢٩ .

ڕۆما ١٣: ٦- ٧

پرسیاری ٣ : ئەرکی باوەڕدار چیە لەوەی تایبەتە بە باج دان ؟

تێبینیەکان .

أ. باوەڕداران دەبێت باج بدەن بە حکومەت .

چونکە حکومەت هەموو کاتەکانی تەرخان کردوە بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بۆیە پێویستی بە هاوکاری و پشتگیری دارایی هەیە هەروەها ئەوانەی کاردەکەن لە حکومەتدا پێویستیان بە داهات هەیە بۆ بژێویان ، وە دەسەڵاتی حوکمڕان کار دەکات بۆ چاکەی خەڵکی لە کۆمەڵگەدا لەڕێگەی گەشەدان بە سیستەمی فێرکردنی منداڵان ومێرمنداڵان ولاوان ، وە لەڕێگەی پارێزگاریی کردن لە دادپەروەریی لە دادگاکاندا . وە لە ڕێگەی گەشەدان بە گوندو شارو شاروچکەکان و بایەخ دان بە کۆڵانەکان و باخچەکانیان ، وە چەندینی تر، هەروەها دەسەڵاتی حوکمڕان دەبێت بجەنگێ لە دژی تاوان وگەندەڵی ، وە سزادانی ئەوانەی خراپە دەکەن وخراپەکاران لە کۆمەڵگەدا وە پارێزگاری کردن لە یاساو سیستەم لە کۆمەڵگەدا وە دەسەڵات بۆ هەموو ئەمانە پێویستی بە پارەیە ، بۆیە خودا فەرمان دەکات بە خەڵکی لەنێویاندا باوەڕدارانیش کە باج بدەن ئەوەی حکومەت بڕیاری لەسەر داوە و کردویەتی بە ئەرك بەسەریانەوە لە بازرگانی و مواڵک و کڕین و فرۆشدا لۆقا ٢٠: ٢٢- ٢٥ .

ب. ئەرکی باوەڕدارانە کە ڕێز لە حکومەت بگرن .

نەك تەنها باج دان بە حکومەت بەڵکو دەبێت باوەڕداران ڕێز بگرن لە کارمەندەکانی حکومەت وەك ئەرکی سەرشانیان .

ڕۆما ١٣: ٦- ٧

پرسیاری ٣: وشەی "یاسا" یان "شەریعەت" واتای چیە بەپێی نامەی ڕۆما ؟

تێبینیەکان .

أ. بەشەکانی شەریعەت .

پۆڵس زۆر فێرکردنی پێشکەش کرد لەبارەی شەریعەتەوە . دەبێت بەئاگا بین لەو ڕاستیەی کە پۆڵس بەکاری دەهێنێ لە وشەی "شەریعەت" بە واتاو شێوە جیاوازەکانیەوە . بەڵام بەشێوەیەکی گشتی شەریعەتی خودا دەکرێ بە شی بەشەوە :

(شەریعەتی ئەخلاقی) کە گوزارشە لە داواکاریەکانی خودا تایبەت بە ژیان لە ڕاسپاردەکانی خودا تایبەت بە لایەنە ئەخلاقیەکان . ئەم داواکاریانە پێکهاتووە لە دە ڕاسپاردەکەو شەریعەتی ئەخلاقی تردا . وە تا ئێستاش ئەم شەریعەتە بەردەوامە لە پەیمانی نوێدا .

(شەریعەتی پەرستش) لەماوەی پەیمانی کۆن گوزارش لە نزیکبوونەوە لە خوداو بە پەرستن و شەریعەتی پەرستش (ڕێوڕەسمە ئاینیەکان) دەهاتن بەرەو خودا ، ئەمەش پێکهاتوە لە کۆمەڵێ یاسا بە کەسە پیرۆزەکان وتەرخان کراوەکان بۆ خودا . (کاهینەکان ولێقیەکان) وە شوێنی پیرۆز (پەرستگاو خێوەتی کۆبونەوە) وە وەرزە پیرۆزەکان (شەبەت و جەژنە ئاینیەکان) وە کارە پیرۆزەکان (قوربانی پێشکەشکردن ، خەتەنەکردن ، مامەڵەکردن لەگەڵ خۆراکە پاکەکان ، نۆبەری بەروبومەکان ، دەیەك ، تاد) شەریعەتی پەرستش هاتەدی و ڕاوەستا لە بەردەوام بوون (مەتا ٥: ١٧ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١٥) وە نابێت کڵێسا چیتر بەکاری بهێنێتەوە.

(شەریعەتی مەدەنی) لە ماوەی پەیمانی کۆن داواکاریەکانی حوکمڕانی لەسەر گەلی ئیسرائیل لە شەریعەتی کۆمەڵایەتی – مەدەنیدا دەردەکەون . ئەم شەریعەتە پێکهاتوە لە کۆمەڵێ شەریعەت و یاسای تایبەت بە پاشاو دادوەران و جەنگ و مۆڵک و سزاکان ، تاد .

ب. واتای جیاواز بۆ وشەی "شەریعەت" .

<u>شەریعەت مەرجی ڕەهای دەستکەوتنی ڕاستودروستیە (بێتاوانی)</u> :
شەریعەت داواکاریەکانی خوداو مەرجەکانیەتی بەڕەهایی بۆ دەستەکوتنی بێتاوانی (ڕزگاریی) وە ئەزموندارییی لە پیرۆزیدا . ئەم شەریعەتە ڕاگەیەنرا بۆ هەموو خەڵکی جیهان لە دڵیانداو لە ویژدانیاندا ئەوان دەزانن ئەگەر دەستدرێژی بکەنەوە سەر ئەم شەریعەتانە و سنور ببەزێنن

واته مردن (ڕۆما ٢: ١٤- ١٥ ؛ ١: ٣٢ ؛ ڕۆما ٢: ١٢ ؛ ڕۆما ٣: ١٩- ٢٠ .

شەریعەت بەشەکانی پەیمانی کۆنە : شەریعەت پەیمانی کۆنە ، چونکە ڕاگەیاندنی رزگاریی خودای لەخۆ گرتوە ، ڕۆما ٢: ١٢ ؛ ڕۆما ٣: ٢١- ٢٢ ؛ ٤: ٣- ٨ . وە ئەمڕۆ پەیمانی کۆن و نوێ لەبەردەستدان لەلای جولەکەو نەتەوەکان .

شەریعەت مەرجی ڕەهای ئەزمونکردنی پیرۆزییە : وشەی شەریعەت هەروەها بەکار دێت وەك ئاماژەیەك بۆ شەریعەتی ئەخلاقی یان دە ڕاسپاردەکە ئیدی بەمشێوەیە . ڕۆما ٧: ٨- ٩ ؛ ڕۆما ١٣: ٨- ١٠ .

ڕۆما ١٣: ٨ – ١٠

پرسیاری ٤: ئەرکی باوەڕدار چی یە تایبەت بە نزیکەکەی ؟

تێبینیەکان .

نامەی ڕۆما ١٣: ٨ " بە هیچ شتێك قەرزاری کەس مەبن، جگە لەوەی یەکتریتان خۆشبوێ، چونکە ئەوەی خەڵکی دیکەی خۆشبوێ، تەوراتی هێناوەتە دی " ئەم بەشە پێداگری ناکات لەسەر قەرزاریی پارە ، بەڵکو پەیوەست بوونی باوەڕدارە کە دەبێت نزیکەکەی خۆش بوێت ئەم بەشە فێرمان دەکات کە خۆشویستنی کەسە نزیکەکان بەشێکە لە پیرۆزبوون.

أ. خۆشویستنی نزیک پەیوەست بونێکە دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت لەسەر باوەڕداران .

بەشەکە ناڕوانێتە خۆشەویستی وەکو قەرزار بونێك ودەبێت بدرێتەوە ئەوەی پۆڵس دەیکات ئەوەیە کە یادی باوەڕداران دەهێنێتەوە پەیوەست بن بە خۆشەویستنی بەردەوام و بێ کۆتایی .

ب. خۆشویستنی نزیک تەواوکردنی شەریعەتە .

" چونکە ئەوەی خەڵکی دیکەی خۆشبوێ، تەوراتی هێناوەتە دی " پۆڵس لێرەدا وشەی شەریعەت بەواتای شەریعەتی ئەخلاقی بەکاردەهێنێت

ئەوەی کورت دەکرێتەوە لە دە ڕاسپاردەکەدا پۆڵس لەم بەشەدا چوار لە دە ڕاسپاردەکە وەردەگرێتەوە ، ئەمەش واتە دە ڕاسپاردەکە دەمێنێتەوەو بەردەوامە و دەبێت باوەڕداران پەیوەست بن پێوەی . دە ڕاسپاردەکە گوزارش دەکات لە گرنگیی خۆشەویستی ڕاستەقینە ، وە باوەڕدار فێڕ دەکات کە ژیانێك بژی خودای لێ ڕازی بێت ، واتە چۆنیەتی ژیان لە خۆشەویستیدا . واتە بەبێ خۆشەویستی تەورات (شەریعەت) نایەتە دی .

ج. خۆشویستنی نزیک واتە مرۆڤ گوناهە نەکات بەرامبەر بە نزیکەکەی .

زۆربەی دەڕاسپاردەکە بە شێوەی جڵەوگیرین : داوێن پیسی مەکە . مەکوژە ، مەدزە ، شایەتی درۆ مەدە ، ئارەزوو مەکە ، بەڵام شەریعەتی خۆشەویستی گوزارش دەکات لە فەرمانی ئەرێنی : نزیکەکەت خۆش بوێ . هەروەها بڕوانە ساڵۆنیکی ٥: ٢٢ ؛ ١کۆرنسۆس ١٣: ٤- ٦ .

ب. خۆشویستنی نزیک واتە مرۆڤ هەڵوێستێکی ئەرێنی وکردەیی هەبێت بەرامبەر بە نزیکەکەی .

" نزیکەکەت خۆش بوێ " ئەمەش بە شێوەی ئەرێنیە و هەموو نەرێنیەکان دەخاتە دەرەوەی ئەرێنیەکان .

ڕۆما ١٣: ١٣- ١٤

پرسیاری ٥: ئەرکی باوەڕدار چی یە تایبەت بە جیهانی تاریکی و ڕوناکی ؟

تێبینیەکان .

أ . ئەرکی باوەڕدارانە بزانن لە چی سەردەمێکدا دەژین .

ڕۆما ١٣: ١١ – ١٢ .

ب. ئەرکی باوەڕدارانە هەرچیەك پەیوەندی بە تاریکیەوە هەیە دایماڵن و ئەوە لەبەربکەن کە بەڕوناکیەوە گرێدراوە .

ڕۆما ١٣: ١٢ ؛ ڕۆما ١٣: ١٤ ؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٤ ؛ تیتۆس ٢: ١٢-١٣ .

<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیڕەوی بکە</u>. پەیڕەوکردن

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما ١٣: ١- ١٤ .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینواوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

<u>١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما ١٣: ١- ١٤ .</u>

١٣: 1 : ملکەچ بە بۆ هەموو حەوت پەیوەندیە دەسەڵاتەکان ئەوەی کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات لەبارەیانەوە .

١٣: ١- ٢ : هێزودەسەڵاتی خراپەکار هەن لە خوداوە نین بۆیە دەبێت باوەڕداران ملکەچی نەبن ، خودا ڕێگە دەدات بەو جۆرە دەسەڵاتانە دەسەڵاتیان پەیڕەوبکەن لەسەر هەندێ خەڵک دواتر لەناوی دەبات و کۆتایی بەدەسەڵاتیان دەهێنێت بۆ نمونە شەیتان دەسەڵاتی هەیە بەسەر جیهانی خراپەکاردا ، واتە ئەو جیهانەی بەرهەڵستی خوداو مەسیحەکەی

و گەلەکەی دەکات ١یۆحەنا ٥: ١٩ ؛ یۆحەنا ١٢: ٣١؛ ١٧: ١٤- ١٦ وە نمونەی دیکە هەیە وەکو دەسەڵاتی دوو دڕندەکە . ئەو دڕندەیەی لە دەریاوە دێتە دەرەوە وێنەیەکە بۆ ئەو حکومەتە شەیتانانەی دژی مەسیحن ، وە ئەو دڕندەیەی لە زەویەوە دێتە دەرەوە وێنەیەکە بۆ ئاین و فەلسەفە شەیتانیەکانی دژ بە مەسیح ئاشکراکردن ١٣؛ ١٩: ١٩- ٢٠ .

١٣: ٣ : مەترسە لەوانەی لە دەسەڵاتدان . گەر دەتەوێ ئازاد بیت لە ترس هەرچی چاک و پەسەندە لەبەرچاوی خوداو حکومەتەکان ئەوە بکە .

١٣: ٤ : لەهەندێ بارودۆخدا حکومەت مافی ئەوەی هەیە شمشێر بەکار بهێنێت ، وەکو سزای مردن یان بەرگری لە وڵات لەکاتی جەنگدا ، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت شمشێر بەکار بێت بە شێوەی هەڕەمەکی و نابێت سنوری وشەکانی خودا ببەزێنێت .

١٣: ٦ – ٧ : باج وسەرانەی جیاواز بدە بە حکومەت ، وە ڕێز بگرە لەوانەی لە پێگەی دەسەڵاتدان .

١٣: ٨ : لەهەموو بارودۆخەکانی ژیانتدا تۆ پەیوەیستی بەوەی نزیکەکەت خۆش بوێ واتە ئەو مرۆڤەت خۆش بوێ کە خودا لەژیانتدا داینـاوە .

١٣: ٩ : نزیکەکەت بپارێزە لەهەموو جۆرە گەندەڵیەکی ئەخلاقی سێکسی ، وە هاوکاری چاکە بکە لە بوارەکانی جەستەیی و سۆزداریی و کۆمەڵایەتی و عەقڵانی و بیری ڕۆحیی .

١٣: ٩ : هەمیشە موڵک ومااڵتی نزیکەکەت بپارێزە ، ڕێز بگرە لە دەستکەوتەکانی و ئەو ڕێزە دەربڕە .

١٣: ١٠ : نزیکەکەت ئازار مەدە ، بەڵکو چاکە بکە هەمیشە لەگەڵیدا .

١٣: ١١ : هەموو ڕۆژێك بەئاگا بە چونکە هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح نزیکە ، بە پەلەو خێرایی دێت .

١٣: ١٢- ١٣ : بوەستە و واز بهێنە لە ئاهەنگی ڕووت و سەرخۆشی و گەندەڵی ئەخلاقی سێکسی و بێ ئابڕوویی و دوبەرەکی و حەسودی.

١٣: ١٤ : مەسیح و ڕاستودروستی و پیرۆزیەکەی بپۆشە ، هەرگیز بیر مەکەوە لەوەی ئارەزوەکانی سروشتە کۆنەکەی گوناهەت تێر بکەیت.

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ . چونکە من باوەڕدارم بە مەسیح ، ملکەچ دەبم بۆ دەسەڵاتی حکومەت لە هەموو ئەو شتانەدا کە پێچەوانەی فێرکردنە ڕوونەکانی کتێبی پیرۆز نین . واتە من پەیوەستم بەوەی باج وسەرانە بدەم بە سەرکردەکانی حکومەت بەڕێزەوە .

ب. دە ڕاسپاردەکە زۆر گرنگن ، لەڕێگەیانەوە دەزانم چۆن خودا دەیەوێ بەژیانێك بژیم نزیکەکەم خۆش بوێ بە کردەوە . نامەوێت گوناهە بکەم بەرامبەر بە نزیکەکەم بەڵکو دەمەوێ هەرچیەك چاکە ئەوەی لەگەڵدا بکەم ، دەمەوێ لەیادم بێت کە خۆشەویستی واتە گوناهە نەکردن لەگەڵ نزیکەکەم و خراپەی لەگەڵ نەکەم واتە بەشێوەیەکی چالاکانە بە ئەرێنی و چاکە مامەڵەی لەگەڵ بکەم .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ١٣: ١- ١٤ .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پڕۆقە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .

٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما ١٣: ١- ١٤.

٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە حەزقیال ٢، ١٨، ٣٣ ، ٣٤ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن: ڕۆما ١٢: ١٦ . ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .

٥- فێرکردن : نمونەی " کیسە زێڕەکان (دواکەوتنی گەورەی ماڵ) " ئامادە بکە لە مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ دا هاتووە . سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .